# پەیوەندی ناوخویی  و مودیلی 3 گوشەی ڕزگارکردن

**ئاسۆ حامدی**

لە هەموو ڕێکخراوەیەکدا پەیوەندی ناوخۆیی بنەمای هێزی ڕێکخراوەیە، بۆ ئەوەی ڕێکخراوەیەکی تەندروست و بە هێز و مۆدێرن و دانیامیک و زیندوو پێکبهێنین دەبێ هاوسەنگی و ئازادی لە نێو ڕێکخراو دا بەرقەرار بێ. لە نێو هەموو ڕێکخراوێکدا نا یەکسانی و نا هاوسەنگی هەیە ( یەکسانی و هاوسەنگی یۆتۆپیایی)، جا ڕێکخراوەکە هەر چی بێ، لە و پەڕی چەپ تا دەگاتە ئەو پەڕی ڕاست ، سنتریستەکان و ئینسان دۆستەکانیش ڕێکخراوەکانیان هەمان گرفتی هەیە. ئەم نا هاوسەنگیە لە ڕێکخراودا کار لە پرۆسەکانی ژیان و خەباتی ڕێکخراو دا دەکات و هەر بەرەنجامی ئەوانیشە. هاوسەنگی مەسەلەیەکی زۆر ئاڵۆزە و هەروا ئاسان نیە بەلکو مەسەلەیەکی ڕێژەییە و لە هەر ڕێکخراوەیە بە جۆرێکە، بەڵام ئەوەی لێرە مەبەستە هاوسەنگی تەواوەو یەکسانی مرۆڤەکانە لە پرۆسێسەکان دا کە دەبێ لانی کەم لە ڕێکخراودا مەجودیەتی هەبێ. یەک بەهایی مرۆڤەکان لە نێو ڕیکخراودا و کەسی شیاو لە شوێنی شایستە سەرەتای هاوسەنگین لە ڕێکخراودا. بۆ ئەوەی لە تەواوی پەیوەندیە ناوخۆییەکان بگەین، ئەوا مۆدێلی سێ گۆشەی ڕزگار کردن شی دەکەینەوە. کە ئەم مۆدێلە لە مەیدانی تری ژیان و گوزەران بەکار دێت، هەوڵ دەدەین لە دوایی دا لە گەڵ مۆدێلی بنەماکانی ڕێکخراو بوون بەراوردیان بکەین.
مۆدیلی ڕزگارکردنی سێ گۆشەکان، ئەم مۆدێلە لە ناوەخندا بەم شیوەیە:




ئەم مۆدێلە لە سێ گۆشە پێکهاتووە، کە ناوەرۆکی پرۆسەکانی نێو ڕێکخراو دەنوێنێ. لێرەدا کۆمەڵە کاسانێ کە پرۆسەکان دادەرێژن ئەوانە هۆکارن یان لە ڕۆڵی تاوانباردا دان و زۆر بێ باکن، گۆشەیەک لە ڕێکخراو هەردەم خۆی بە قوربانی پرۆسەکان دەزانێ و هەردەم لە حاڵەتی گلەیی و گازاندە دایە، ئەمانە ئەو مرۆڤانەن کە لەنێوان تیۆرو پراکتیکدان یانی لە نێوان چەکوشی تیۆرو سندانی پراکتیک دان. ئەمانە بە گۆشت و ئێسقان هەست بە ڕێکخراو دەکەن و لە گەڵی دا مامەڵە دەکەن. گۆشەیەکی تری ئەم مۆدێلە کۆمەڵە کەسانێکن لە مەوقعی یارمەتی دان و ڕزگارکردنی ڕێکخراو و قوربانیان دان. ئەمانە کۆمەڵێ کەسانێکی نیو ڕێکخراون لە هەوڵی ڕزگارکردنی ڕێکخراو دان و پاسفیستانە لە پرۆسەکانی نێو ڕیکخراو

مامەڵە دەکەن. دەیانەوێ ببنە سەکۆیەک بۆ هاوسەنگی لە دەروونی ڕێکخراودا. هەرسێ لایەن لە ڕێکخراودا،
هەموویان پێویستیەکی حەیاتیان بە یەک هەیەو بەبێ یەکتر ناتوانن ڕێکخراوەیەک پێک بهێنن و گەشەی پێ بدەن.
گرنگترین مەسەلە لێرەدا گەشەدان بە پەیوەندیەکانی ناوخۆ و بەیەکەوە کارکردنە بۆ یە هاوسەنگی بەرەنجامی کاری هەموانە بە ئاراستەی کەم کردنەوەی قوربانیەکان و خزینی گۆشەکانی ترە بۆ هاوسەنگی کە ناوەند دەگەیەنێ.
ئەم مۆدێلە لەگەڵ هەموو ڕێکخراوەیەک دێتەوە.
تیپی مۆسیقا باشترین نموونەی ڕێکخراو بوونە هەر ئەندامێک ئەگەر لە نێو سمفۆنیادا نەسازی مۆزیک لێدا ئەوا هاوسەنگی لە پارچە مۆسیقاکە دروست دەبێ ، یان تیپەکانی یاری فوتبۆل ئەمیش نموونەیەکی ترە لە ڕێکخراوبوون ، هەر تیمێ ئەگەر وەکو تیم کار بکات و پەیوەندی سێ گۆشەیی لە نێوان یاریزانەکانی دروست بکات نەک ئاسۆیی ئەوا دەتوانێ بەسەرکەوتن بگات. کاری فەردی و تاکە کەسی هەندێ ئارایش بە یاری دەدات بەلام بەبێ کاری هەمووان بەسەرکەوتن ناگات. هەر بۆیەش چاکترین تیم جاری وایە لە بەرامبەر تیپێکی تردا دەدۆڕێنێ، چونکە وەکو تیم هاوسەنگی دەدۆڕێنێ.(حەتمەن زۆر کاریگەری تریش هەن بەڵام ئەمانە تەنها بۆ نموونەن).

لەبەر بوونی قوربانی لە نێو ڕێکخراوەکاندا،
زۆربەی ڕێکخراوە و حزبی دونیا لە ماوەیەکی دیاریکراودا تووشی شەق بوون و وازهێنانی ئەندامان و لاوازی و بێ هێزی دەبن هۆیەکانیان بۆ ئەم ناهاوسەنگیە دەگەڕێتەوە.
هەموو مرۆڤێکی قوربانی بیر لە ئەلتەرناتیڤ دەکاتەوە، ئەم ئەلتەرناتیڤە ئەگەر نەیتوانی لە ناوەخۆ بێ ئەوە لە دەرەوە خۆی دروست دەکات. هەر بۆیەش ڕۆیشتن لە ڕێکخراو و ماڵئاوایی لێی تاکە ڕێگەی بەردەم کۆمەڵە کەسانی قوربانیە. بەجێ هێشتن و دوو شەق بوون لە ڕێکخراو زۆر کاریگەری تریش هەن تا ڕوو بدەن. بەڵام یەک لە هەرە هۆکارە سەرەکیەکان چۆنیەتی پەیوەندی ناوخۆ و پرۆسەکانی ڕێکخراوە کە کۆمەڵەکەسانێ لە نێو ڕێکخراودا بە بوونبەست دەگەن. ئەم بوونبەست بوونە بەمانای بنبەست بوونە لە چاککردنی پرۆسەکان و پەیوەندیە ناوخۆییەکانی ڕێکخراو.
ئەم کۆچکردن و ماڵئاواییە زۆر جار سەرگەردانی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەلایەتی و ...هتد بە دوایە کە مرۆڤەکان هێندەی تر دەکاتە قوربانی ڕووداوەکان و ڕێکخراوەی تر کە بەناچاری ڕووی تێدەکەن.
ئەمە کاتێ زۆر بە زەقی دەبینرێ کە کەسانێ بە هۆشیاری هەست بەم قوربانیەو کۆچکردن و ڕاکردنە دەکەن و دواتر زۆر یان لە خودی بیروباوەڕیان هەڵدەگەڕێنەوە، ئەم وەرگەڕانە بە گۆشەی 180 پلەیە زۆر بە ڕوونی لە و پارتە سیاسیانە دیارە کە ئۆپۆرتۆنیستەکان هەلبەزین و دابەزینی تیادا دەکەن. ئەمە زۆرتر لە پارتە سیاسیەکانی دەسەلات و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی دایە. لە هەمان کات لە ئەندامانی ئەحزابە شوعیە تەقلیدیەکان لە تەواوی دونیا نموونەی ئەم قوربانی و گێڕ گۆڕینە نە. حەتمەن کاریگەری فاکتۆرەکانی دەرەکی و
وەزعیەتی کۆمەلگاو ئاڵوگۆڕەکانی کاریگەری زۆر لەسەر خودی ڕێکخراو و پەیوەندیە ناوخۆییەکانی دەکەن.( لێرە ئەم فاکتۆرانە پشت گوێ خراون).
ئێستا هێندێ باس لە سێ گۆشەی پێکهاتنی ڕێکخراو دەکەین لە پەیوەند بە مۆدێلی سێ گۆشەی ڕزگار کردن.
هەموو ڕێکخراوەیەک لە سێ تیم پێکدێت. کە بەم شێوەیە:




ئەم سێ تیمە پەیوەندییەکی هەمەچەشنەیان لە گەڵ یەک هەیە.لە هەموو ئاستەکاندا دەکرێ قوربانی ڕێکخراوەیی و پرۆسەکان هەبێت و لە تەواوی ڕیکخراوەکانیش دا هەن.
لێرەدا هاوسەنگی مانای تەبایی و گەشەدانە بە پرۆسێسێک کە ئاستی کاری ڕێکخراوە لە پراکتیکدا بەهێز دەکات و وەلام بە ئەرکەکانی ئێستا و داهاتووەکانی دەبێت.
ڕاکردن لە تیمی بیرکەرەوەکانیش وەکو تیمی جێبەجێ کەران ( یانی ئەوانەی کار دەکەن) هەیە. خۆ لەتیمی هەڵسوڕینەران هەر ئەم دیاردەیە زۆر بەرچاوە.

زۆرجار تیمەکانی بیرکردنەوە لەبەر چەند هۆیەکی جۆراوجۆری فەوری یان ستراتیژی یان قازانجی شەخسی و دەسەڵات و پایە، خۆیان هەوڵی ئەوە دەدەن کە پرۆسەکان بۆ ئەو شوێنە ببەن تا جۆرێک لە پاککردنەوەو لە بێژینگدان لە دەروونی ڕێکخراوەکانیان دا ببێت.
ئەم وەزعە لە ڕێکخراودا دەکرێ لە لایەک هەم پاککردنەوەی ئەو کەسانەیە کە ناکۆکیان لە گەڵ پرۆسەکان هەیە. ئەمە ئەوکاتە دروستە کە تیمی بیرکەرەوەکان دەیانەوێ لە پرۆسەیەکەوە بۆ پرۆسەیەکی تر بڕۆن، یان لە کاتی گۆڕینی کەلتووری ڕێکخراوە یان سیاسەتی سەرەکی و ستراتیژ دەستکاری دەکرێ . ئەوکات ڕابەرانی ڕێکخراو زەخت لە کۆمەلە کەسانی دەکەن تا ببنە قوربانی و ماڵیئاوایی لە ڕێکخراودا بکەن.
ئەم باسە لێرەدا بۆ خوێنەران جێ دەهێلم یان لە فرسەتی تردا دەگەڕێمەوە سەری.ئەگەر باس لە واقعیاتی ڕێکخراوەو نموونەکانیان بکەین ئەوا لە نێو پارتە سیاسیەکانی کوردستان لە هەموو ئاستێکی ڕێکخراوەیی یدا ئەمانە بە کۆنکریتی دیارن. زەقترین نموونە قوربانی نێو  ڕێکخراوە لە ئەحزابی ناسیونالیستی لە کوردستان ئیبراهیم ئەحمەد و هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی لە سەرەتاو ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لە نێو پارتی دیموکراتی کوردستان بوون، ئێستاش ئەندامانی ئیعلامی حزبی شوعی عیراقی و کۆچکردنیان بۆ نێو ئیعلامی پارتی دیموکراتی کوردستان. ئەمە جگە لەم هەموو دوو شەق بوونەی کە لە چەپی بەناو ڕادیکاڵ و هێزە ئیسلامیەکان ڕوویاندا.

**30 یونی 2006**